# ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ (لێنین)

# "نامە بۆ کەسوکار"

**وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: زاریا شێخانۆڤە**

بەشێکی کورت لە پێشەکیی "ماریا ئۆلیانۆڤە"ی خوشکی "لێنین" بۆ سەرجەمی نامەکانی لێنین بە ناونیشانی:

(**نامە بۆ کەسوکار**/ 1893 _1922)

ئەم نامانەی کە لێرەدا بڵاو دەکرێنەوە، بریتین لەو نامانەی کە ڤلادیمیر ئیلیچ، بۆ دایکی (ماریا ئەلێکساندرۆڤنە) و خوشکەکەی (ماریا ئیلیچنە) نووسیویەتی. ئەمەش ساڵەکانی 1894 تاوەکوو ساڵەکانی 1917*دەگرێتە خۆی، کە سەرەتای یەکەم ساڵەکانی هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانەی ئەو تا گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا لە دوای شۆڕشی فۆریەوە دەخایەنێ. بە درێژایی ئەم دەورانە کە تەواو چارەکە سەدەیەک دەخایەنێت، پارتەکەمان و ئەو ڕیفۆرمانەی کە ئەم پارتە گرتییە پێش هاتنەکایەوە. بیست و پێنج ساڵی ڕێکی ئەم دەورانە، لێنین لە پێشەوەی ئەم حیزبەدا بوو. ئەو ئەم حیزبەی ڕابەرایەتی و پەروەردە کرد، تەواوی ژیانی خۆی لە خزمەتی خەبات و تێکۆشان لەم حیزبەدا تەرخان کرد. ڕابەریکردنی حیزب و تێکۆشان لەپێناو ئامانجەکانی چینی کرێکار، بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی تایبەتیی ئەویان پێک دەهێنا.
بەڵام ئەگەر ئێمە، چاپی سەرجەمی بەرهەمەکانی "لێنین"مان لە بەردەستدا بێت و خاوەنی بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی ئەو بین، تا دەگات بە هەڵسەنگاندنە زانستی و نووسراوە بەناوبانگەکانی، (هێشتا لێنین وەک ئینسانێک هێندە بەرجەستە ناناسین). ئەم نامانە دەتوانێ ئەم کەلێنە بۆ خوێنەر پڕ بکاتەوە. ئینسان دەتوانێ لە کۆتاییدا تا ڕادەیەک لەسەر، ژیان، نەریت، مەیل و پەیوەندییەکانی ڤلادیمیر ئیلیچ، بە خەڵکانی ترەوە داوەرییەک بکات. ئێمە دەمانەوێ بە ڕۆشنی ئەوە ڕابگەیەنین، کە تا ماوەیەکی زانراو ئەم نامانە و هەندێکی تر لە سەرجەمی نامەکانی لێنین بۆ کەسوکاری، سەردەمەکانی زیندان و ماڵ پشکنین، جێگۆڕکێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر ناگرنە خۆ، کە هەر جارە و زوو، یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەمانی دەگرتەوە. بەشێکی زۆر لەو نامانە دەستی پۆلیس کەوتن و چیدی نەدرانەوە، یاخۆ بە هۆکاری جیاواز لەناوچوون. بە تایبەتی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی "ئیمپریالیستی"دا. لەبەر ئەوە هەندێک لە پرسیارەکان لە هەندێک نامەدا دووبارە دەکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لەم نامانە کاریگەری ڕژێمی پۆلیسی تزاریان بەسەرەوەیە. هەڵبەتە کاری تەواوی گۆڕینەوەی ئەم نامانە بە شێوەیەکی نهێنی و ژێرزەمینی بووە، بە شێوەی نهێنی لەناو "کتێب و ڕۆژنامەکان"دا حەشار دراون، بۆ ناونیشانێکی پاک و گومان لێ نەکراو ڕەوانە کراون.** بەڵام کاری شۆڕشگێڕانە و ژیانی تایبەتی بە شێوەیەک پێکەوە ئاڵۆسکاو بوون، کە نامە ئاسایی و سادەکانی ئێمە لە لایەن ڕژێمی پۆلیسەوە زیانێکی زۆریان پێ گەیشتوو، بە شێوەیەکی سەخت بەرتەسک کرانەوە. بە خۆڕایی نییە ڤلادیمیر ئیلیچ لە نامەیەکدا بۆ خوشکەکەی "ماریا ئیلیچنە" کە لەو سەردەمەدا لە ڤۆلگا لە دوورخراوەیی ژیانی بەسەر ئەبرد، دەنووسێ: لەم سەردەمەدا بۆ ئێمە (بە تایبەتی بۆ من و تۆ)، گۆڕینەوەی نامە زۆر سەخت بۆتەوە. ئەمە نەک هەر بۆ ماریا ئیلیچنا، بەڵکوو بۆ سەرجەمی ئەندامی خێزانەکەمان و خزمەکانمان هەر بە هەمان شێوە بوو. ئەوان لەگەڵ "ڤلادیمیر ئیلیچ"دا نەک هەر بە خوێن خزم بوون، بەڵکوو لە ڕووی جیهانبینیشەوە هەر نزیک و تێکەڵاوبوون. پێکەوە هەموویان (هەتاکوو هاوسەری ئانە ئیلیچنە، م. ت. یلیسارۆڤ) ئەو سەردەمانە سۆسیال

دیموکرات بوون، کەسانێک بوون وەک باڵی شۆڕشگێڕی حیزب چاویان لێ دەکرا، هەموویان کەم یا زۆر لە کار و خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بەشدار بوون. بە شێوەیەکی قووڵ دڵبەستەی خەباتی حیزبی بوون. بە سەرکەوتنەکانی دڵخۆش و بە شکستەکانیشی خەمگین دەبوون. بە تایبەتی دایکمان، کە لەدایکبووی ساڵی 1835 بوو، تا کۆتایی نەوەدەکان، لەگەڵ ئێمەدا لە دوورخراوەیی وماڵپشکنینەکاندا، ڕەنج و ئازارێکی زۆری کێشا. ئەگەر چی ئەو 60 ساڵ تەمەنی بوو، بەڵام دڵبەستەیی و سیمپاتی زۆری لەگەڵ حیزبدا هەبوو. نامە ئاساییەکانی تەواوی شۆڕشگێڕان، بە توندی لەژێر چاودێری پۆلیسدا بوون. ئێمە ناچار بووین، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکان بە نهێنی بمێنەوە، سوود لە ناوی نهێنی وەربگرین. بۆ زانیاری و ئاگاداربوونەوە لە گەیشتنی نامەکان، سوودمان لە دۆست و ئاشنایان وەردەگرت.

خوێنەر دوای خوێندنەوەی نامەکان، هەست بەوە دەکات، کە نزیکەی تەواوی ئەو نامانەی، ڤلادیمیر ئیلیچ بە ناونیشانی دایکی، خوشکەکانی، یا براکانی نووسیویەتی، هیچ یەکێکیان ناوی تەواو و شۆرەتیان پێوە نییە. چونکە ئەمە دەبووە هۆی ناسینی ئەو کەسانەی کە ئەم نامانەیان بەدەست دەگەیشت. ئەگەر ئەمە زیانێکی خراپیشی پێیان نەگەیاندایە، ئەوە هەلومەرجێکی سەختی بۆیان دەهێنایە پێشەوە، کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک خوازیاری نەبووین. ئەگەر لە نامەکانی "ڤلادیمیر ئیلیچ"دا (ناوەکان و نیشانەکان ئاشکران)، ئەوە دیارە نامەکان لە ڕێگای هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانییەوە ڕەوانە کراون. ئەمانەش ئەو کەسانە بوون، کاتەکانی دوورخراوەییمان پێکەوە بەهۆی ئامانجێکەوە بەسەر بردبوو، یاخۆ لە کاروباری ئاسایی و سەردەمی خوێندندا، ئاشنایەتیمان هەبوو. ئەگەر ناونیشانی نامەکانمان بە ناوی کتێب فرۆشییەک یا نووسەرێکەوە نووسیبێ، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە لە لایەن پۆلیسەوە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدا نەبووە. یا ئەگەر ڤلادیمیر ئیلیچ، بیویستایە سڵاوی خۆی بە کەسێک بگەیەنێ، یاخۆ بۆ ئاشنایەک ڕاسپاردەیەک بنێرێ، ئەوە چاوپۆشی لە ناوە ڕاستەقینەکەی دەکرد، بۆ ئەمە سوودی لە چەندین نهێنیکاری وەردەگرت، کە لەگەڵ ئەم یا ئەو ناسیاودا هەیبوو. وەکوو یادەوەری ئەو یادگاری و کارە هاوبەشانەی کە پێکەوە هەیان بوو. بەم شێوەیە لێنین لە جێگای ناوی ئا. ئا. سکڤۆرۆسۆڤ. دەینووسی: ستێپانۆڤ، کە ڤلادیمیر ئیلیچ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ئەو و ئەنائیلیچینا و ماریا ئیلیچینا، لە نامەگۆڕینەوەدا بوو. بۆ ئەوەی ڤلادیمیر ئیلیچ ناوی ڤ. ڤۆرڤۆسکی نەبات، کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ ماریا ئیلیجنا دوورخرابووەوە، دەینووسی: سڵاوم بگەیەنە بەو کەسەی، (کە گرنگی کارە مێژووییەکانی هەمیشە لەپێش چاوە). یاخۆ دەینووسی: سڵاوم بە هاوڕێ پۆڵەندییەکە بگەیەنن، بە هیوای ئەوەی کە ئەو بتوانێت لە هەموو بار و دۆخێکدا یارمەتیدەرتان بێت. ناوی ئا. پ. سکلێژرۆنکۆ، کە لە مەنشوری لە ڕێگای ئاسن کاری دەکرد، ناو دەنا، ڤ. ئا. لاڤیسکی، کە پار پێکەوە لە بەلەمێکدا سەوڵرانییان کردووە ... تاد. ئەگەر نهێنییەکان لە پەیوەند بە ڕۆژنامەیەکی نا یاساییەوە بوایە، یا ئەگەر ڕۆژنامەیەکی فەرمی بوایە و لەنێوان ڕستەکانیدا بە مەرەکەبی نادیار بنووسرایە، دەبوو ئینسان زۆر بە ئاگاییەوە ئەمانە ڕەوان بکا، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت. لە کۆتایی ساڵی 1900 نووسەری ئەم چەند ڕستەیە، بەیاننامەی پارتی سۆسیال شۆڕشگێڕی بە کەسێک بە ناوی گ. ب. کراسین_دا بۆ ڤلادیمیر ئیلیچ بەڕێ کرد، کە بە ناچار لە ترسی دەسیسە و جاسووسیکردنەوە، دەبوایە بەیاننامەکەم لە تاوتۆی ئەلبوومێکی وێنەدا بشارمەوە، "ڤلادیمیر ئیلیچ"، بەم کارەی من زۆر خۆشحاڵ بوو. لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی 16. 01. 1901 دەنووسێ: زۆر سوپاس بۆ ناردنی کتێبەکان، بە تایبەت بۆ ئەو وێنە جوان و سەرنجراکێشانەت، ئەو ئامۆزایەی کە لە ڤییەناوە هاتبوو بە دەستمی گەیاند. من زۆر دڵخۆش دەبم، ئەگەر بێت و هەموو جارێ لەو دیارییانەم بەدەستبگات. ئیسکرا و بڵاوکراوە قاچاخەکانی تری ئەو سەردەمە لە پاکەتێکدا بە ناونیشانێکی پاک و گومان لێ نەکراو، بە شێوەی یاسایی بۆ ڕووسیا ڕەوانە دەکرانەوە. ئێمەش بە هەمان شێوە لەو جۆرە ناونیشانانەمان دەناردەوە، تا لەم کەناڵەوە ئەدەبیاتی ئەومان بەدەست بگات. بۆ ئەوەی زوو بە فریای وەرگرتنەوەی شتەکان بکەوین، پێیان ڕادەگەیاندین کە شتێکیان بە ناونیشانێکی پاکدا بە فڵان کەس بۆ ناردووین. هەندێک لەو هەواڵانەش ڤلادیمیر هەر بەو شێوەیە بە دەستی دەگەیشت. لە 14. 07. 1900 "نادێژدا کۆنستانتینۆڤە کرۆپسکایە" لە نامەیەکدا دەنووسێ: "ئەگەر هەڵە نەکەم، لە نۆی مانگ دیارییەکی گچکەم بۆ ناردووی، کە تۆ زۆر حەزی لێ دەکەیت و

سەرنجت ڕادەکێشێ". ڤالۆدیا" (ڤالۆدیا کورتکراوەی ڤلادیمیر/ وەرگێڕ) زۆر دڵخۆش بوو بە گەیشتنی نامە درێژەکەت. لە نامەیەکدا لە 08. 11. 1916 دەنووسێ، بەڵکوو جارێکی تر نامەمان بەو شێوەیە بۆ بنووسی.
ئەگەرچی نامە یاسایییەکانی ئێمە هیچ کاتێک شێوەی بەربڵاوی بە خۆیەوە نەگرت، چونکە هەموو ئەم نامانە لە سەردەمی شەڕی "ئیمپریالیستی"دا نووسراون و هەر دوای نووسین، بە ناونیشانەکانیان بە شێوەی پۆستکارت ڕەوانە کراون، بۆیە بەشێکی زۆر لەو نامانە لەناوچوون. دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی کە لێرەدا هاتوون، بۆ ئەو نامە قاچاخانەیە کە لەم پەرتووکەدا بەرچاو دەکەون. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی ڤلادیمیر ئیلیچ لە دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا ئەو نەیدەزانی، مانەوەی لە دەرەوەی وڵات چەندێک درێژە دەخایەنێ، هەر زوو هۆکارەکانی نهێنیکاری نامەگۆڕینەوەی بە ئێمە ڕاگەیاند و هەر لەبەرئەمەش ئەو ناونیشانی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئێمە نەدەنووسی. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو لە سویسرا دەژیا، بەڵام لە مونیخ نیشتەجێ بوو، ئێمە نامەکانمان بە ناونیشانی پاریس یاخۆ پراگ ڕەوانە دەکرد. لە 02.03. 1901 ئەو ناونیشانە تازەکەی خۆی بە ئێمە ڕاگەیاند، "من و خاوەن خانووەکەم پێکەوە بارمان کردووە". (فرانس مۆردیچێک)، ئەو کەسەی کە نامەکان بە ناونیشانی ئەو دەنێرن. ئەو کاتە لە ڕاستیدا بۆ خانوویەکی تازە باریان کردبوو، بەڵام ڤلادیمیر ئیلیچ هەر وەکوو پێشوو، لە خانووە کۆنەکەی لە مونیخ نیشتەجێ بوو.
یەکێک لەو کاراکتەر و تایبەتمەندییانەی کە لە "ڤلادیمیر ئیلیچ"دا خۆی دەبینییەوە، ئەوە بوو کە ئەو زۆر چوست و چالاک و دەقیق و بە قنیات بوو٠ بە تایبەتی بۆ خۆی وەکوو تاکێک. ڕەنگبێ ڤلادیمیر ئیلیچ، ئەم دیاردەیەی لە دایکییەوە بە میرات بردبێ. ئەو لە زۆر لایەنەوە بە تایبەت لە ڕووی کاراکتەرەوە هەر بە دایکی دەکرد. دایکی ئێمە، بە دایک ڕەگێکی ئەڵمانی هەبوو، ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باس کران، بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەودا یەکیان دەگرتەوە ..............................................

* سەرجەمی ئەو نامانەی کە لێرەدا بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ئەندامانی خێزانەکەمان، کە تا ئەو کاتانە هەموو پێکەوە دەژیان، لەبەرچاو گیراوە.
** ئەو نامانەی کە لێرەدا بڵاو دەکرێنەوە، ئەو سەردەمانە ناگرنەوە، کە کاتێک لێنین لە دوورخراوەییدا ژیانی بەسەر دەبرد. بڕوانە (پلۆریتارسکایە ریڤالیوتسیا، شۆرشی پرۆلیتاری)، ژمارەکانی 2، 3، 4، 5، 6، 8، ساڵی 1929. هەروەها ئەم نامانە ئەو ساڵانە ناگرنەوە کە لێنین لە پیتەربوورگ زیندانی بوو، لە ساڵی 09. 07. 1895 تاکوو 29. 01. 1897. چونکە لەو سەردەمانەدا هەموو کاتێک لە لایەن دایکی و خوشکەکانییەوە سەردانی کراوە و بە شێوەیەکی بەردەوام لەپەیوەندیدا بوون.
* بەو شێوەیە ئێمە لە ئارشیڤی ناوەندیدا، شەش پاشکۆی نامەکانی ڤلادیمیر ئیلیچمان دۆزییەوە، کە لە لایەن پۆلیسی مۆسکۆوە وەکوو ئەرگومێنت پارێزرابوون. ئەم پاشکۆیانە لە لایەن ئێمەوە خراونەتە سەر ئەم نامانە، بڕوانە ژمارەکانی 485 و 486ی سەرجەمی نامەکانی لێنین لەم بەرگەدا.
** کارێکی مەحاڵ بوو بتوانرێ ئەم نامانە لە ڕووسیادا بپارێزرێ، لەوانە تەنها بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات کۆپی کراون و ماونەتەوە.

سەرچاوە:

لێنین بەرگی 37
سەرجەمی بەرهەمەکانی بە ئەڵمانی
W. I. L. Lenin
Band 37
Briefe an die Angehöriegen
1893-1922

**<u>تێبینی:</u>**

خوێنەرانی ئازیز!

من تەنها دوو سێ لاپەڕەم لەو پێشەکییە هێناوەتەوە، کە "ماریا ئۆلیانۆڤە" بۆ سەرجەمی نامەکانی لینین لە بەرگێکدا نووسیویەتی. بە پێویستم نەزانی سەرجەمی پێشەکییەکە بهێنمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هێشتا سەرجەمی نامەکانی "لێنین"م وەرنەگێڕاوە و هەست دەکەم، ئەم پێشەکییە ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر نامەکانی لێنین ئەدا بە دەستەوە. ئەمانە زنجیرە نامەیەکن کە بە دوای یەکدا دێن و تا پێم بکرێ، هەوڵ ئەدەم لە وەرگێڕانیان بەردەوام بم، یارمەتی و پێشنیارەکانتان جێگای سوپاسێکی زۆرن.

**زاریا شێڤانۆڤە**



# ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ (لێنین)

## نامە بۆ کەسوکار

## نامەی یەکەم

1893

بۆ / م. ئا. ئۆلیانۆڤە(1)

دایکی خۆشەویستم، دوێنێکە ئەو نامەیەی کە لە ڕێکەوتی 02. 10 نوسیبووت، بە دەستم گەیشت.
هەر چۆنێک بوو ژوورێکی خاوێن و ڕۆشنم پەیدا کرد، بێجگە لە من کرێچی تری تێدا نییە. خاوەن خانووەکە خێزانێکی بچووکی هەیە و دەرگای نێوان ژووری دانیشتنەکەی "من" و "ئەوان" بە شێوەیەک داخراوە کە ئینسان گوێی لە هیچ نەبێت. ژوورەکەم دەکەوێتە جێگایەکی زۆر باشەوە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە ناوەندی شارەوە دوور نییە، بۆ نموونە (هەر پانزە خولەکێک بەپێ لە کتێبخانەی ناوەندیی شارەوە دوورە). من زۆر خۆشحاڵم، کە جێگەیەکی وا باشم دۆزیوەتەوە.
لەگەڵ تیلۆدا(2) دوێنێکە و ئەمڕۆکەش قسەم کرد. ئەو نەیتوانیوە بلیتی هاتووچۆ بکرێت، بە داخەوەش چیدی ناتوانێ، چونکە کەسێک ئەو پشتی پێ بەستبوو، لەوێ نییە. ئەگەر تیلۆ لە ڕێگای ئاسن بە شێوەی کاتیش کارێک بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەوە دوایی بە ئێمەی ڕادەگەیەنێ. بەڵام وەک ئەوەی پێیدەچێ، ڕەنگە ئەمە هەر وا بە ئاسانی و بە زوویی نەبێت. یەکسەر دوای گەیشتنم چوومە گۆڕستانی "ڤۆلکۆڤە 3"، لەوێ هەموو شتەکان لە جێگەی خۆی بوون، هەم کێل و هەم تاجەگوڵی سەر گۆڕەکە.

کەسێک کە تۆیی خۆش دەوێت ...
ڤلادیمیر ئۆلیانۆڤ

<u>* دبێت دە ڕۆبل بە بروانامەیەک بدەم، کە وەک "جێگری پارێزەر" بە فەرمی دانی پێدا بنرێت.</u>

تکایە هەندێک پارەم بۆ بنێرە، ئەوەی خۆم خەریکە تەواو دەبێت. لە (ساماراوە) بۆیان نووسیووم (مەسەلەکەی کازان، کە من بۆ "گراڤۆف" نوێنەرایەتیم کردبوو)، بڕیارە بۆ مانگی نۆڤەمبەر پەسند بکرێ. ئەگەر بێت و لەسەر بەڵێنی خۆیان بمێننەوە و پەشیمان نەبنەوە، ئەوە ڕەنگە نزیک بە 70 ڕۆبڵی بۆ من تێدا بێت، (بەڵام هێشتا نازانم، ئەمە چەندێک جێگای پشت پێبەستنە.)
لێرە بەڵێنیان پێم داوە، وەکوو یاریدەدەر لە کارە یاساییەکاندا جێگەیەکم پێ بدەن، (بەڵام نازانم کەی ئەمە سەردەگرێ). بۆم بنووسە بار و دۆخی داراییت چۆنە! ئایە شتێکت لە پورمەوە (4) بەدەست گەیشتووە؟ کرێی مانگی سێپتامبەرت لە 'کورشڤیتس'ەوە بەدەست گەیشت؟ لەو 500 ڕۆبڵەی کە پێشوەخت وەرتان گرتبوو دوای ماڵگواستنەوە و ماڵدانانەوە، ئایە شتێکی ئەوتۆی لێ ماوەتەوە؟ ئەوە بۆ یەکەم جارە "لە سانکت پیتەربۆرگ" بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، لە دەفتەرێکدا خانەبەندیم کردووە، بۆ ئەوەی بزانم تا سەری مانگ چەندێک پارەم بەش دەکات. وەک ئەوەی پێشبینی ئەکەم، لە مانگی 28. 08 وە تا 27. 09 نزیک بە 54 ڕۆبڵ و 30 کۆپکم خەرج کردووە، ئەمە بێجگە لە 10 ڕۆبڵێک بۆ هەندێک شتومەک و 10 ڕۆبڵی تر بۆ مەسەلەی دادگا، کە پێیدەچێ من لە ئەستۆی بگرم.

ئەمەویٚ ئەوە بلێم، کە خەرجکردنی ئەو 54 ڕۆبڵە خەرجییەک دەگرێتەوە، مەرج نییە پێویست بێ هەموو مانگێک بیانکرم، وەک جلوبەرگ، پێڵاو، کتێب، تەختەی ژماردن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا 16 ڕۆبڵ زیاترم لە پێویست خەرج کردووە. بۆیە وەک ئەوەی ئاشکرایە، نەمتوانیوە دەس بەو 38 ڕۆبڵەوە بگرم کە بۆ مانگێک دیاری کرابوو، تەنها بۆ گالیسکەی ئەسپیی بۆ نموونە، لە مانگێکدا 1 ڕۆبڵ و 36 کۆپکم خەرج کردووە، ئەگەر خۆم ڕابهێنم، ئەکریٚ پێویستم بە پارەیەکی لەمە کەمتر بێت.
لە 5ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1893 نووسراوە و لەسانکت پیتەربۆرگەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە بڵاوکراوەی (پرۆلیتارسکایە ریڤالیوتسیا) شۆڕشی پرۆلیتاریا، لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین بڵاو کراوەتەوە.

❋

# نامەی دووەم

1894

بۆ/م. ئا. ئۆلیانۆڤە(5)

بە مەیلێکی زۆرەوە، نامەکەی 27ی سێپتامبەرتم خوێندەوە، زۆر دڵخۆش ئەبم ئەگەر بەیناوبەینیٚ نامەم بۆ بنووسی. لێرە نەک هەر سەرم لە ئارمیتاژ دا، بەڵکوو چووم بۆ شانۆش، ئەوەی ڕاستی بێت، بە تەنهایی هیچ خۆش نییە. زۆر ئارەزوو دەکەم، لە مۆسکۆ پێکەوە بتوانین بچین بۆ گالەری تریتیاکۆڤ و جێگا دیدەنییەکانی تر. بڵاوکراوەی (ڕووسکایە ڤۆدمستی)م لە کتێبخانەی گشتیدا خوێندەوە، ئەوەش دوو هەفتە دوای دەرچوونی. ئەگەر لێرە کارێکم دەسکەویٚ، ئەوە سفارشی دەکەم. پێویست ناکات لەبەر من دەست هەڵگرن، بەو شێوەش نابێت خۆتان لەبەر من هێند پەرێشان کەن، بەڵکوو ئینسان لەو ماوەیەدا پێویستی بە چەند شتێکی بە نرخ هەبێت. لە میانی گێڕانەوەکانت، دەربارەی مامۆستای زمانی فەرەنسی، وای بۆ دەچم، قوتابیانی ناوەندیی مۆسکۆ لە تۆ زیرەکتریان تێدا هەبیٚ، بەڵام بە شێوەیەکی مامناوەندی، ڕەنگە هێندە لە تۆ باشتر نەبن. بۆم بنووسە، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە لەماڵەوە وەختێکی زۆرت پێویستە؟ بڵێ بە ماتیا(6) کە کلیتشێفسکی(7) داوای 25 ڕۆبڵ دەکات بۆ عەتیقە کۆنەکانی، با بروا لای ئەهریمەن بەدەسی بهێنیٚ.
ئینسان پێویست ناکات زیاتر لە 4 ڕۆبڵ بەو شتانە بدات.
ماتیا لەگەڵ خوێندندا چۆنە؟

تا نامەیەکی تر، ئۆلیانۆڤ ئیلیچەکەت.
ئایە ئەتوانی دەسخەتەکەم بخوێنیتەوە؟
ئەم نامەیە لە ئۆکتۆبەری 1893نووسراوە و لە سانکت پیتەربۆرگەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە ژمارە11ی پرۆلیتارسکایە ڕیڤالیوتسیا لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

❋

# نامەی سێیەم

1894

بۆ / م. ئا. ئۆلیانۆڤە
(خوشکی، لێنین... و.)

ئەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەچێت، لە ماڵەوە هیچ نامەیەکم بەدەست نەگەیشتووە، "مانیاشا" بار و دۆخی تەندرووستیت چۆنە؟ نووسیویانە بۆم، کە تۆ دووبارە دەڕۆیتەوە بۆ قوتابخانە.
ئەمە مانایەکی نییە، تۆ تەواوی ڕۆژ هێندە بە پەرۆشەوە سەرگەرمی ئەرکەکانی قوتابخانە بیت. ئەی ئەگەر هاتوو ئەمە باری تەندرووستیت بخاتە مەترسییەوە؟ تۆ ئەگەر زۆریشت لە خۆت کردووە، پێویستە ڕۆژانە دوو کاتژمێر پیاسە بکەی. لەپاڵ خوێندنەوەدا سەرگەرمییەکانی ترت چییە؟ چی ئەخوێنیتەوە؟ لەگەڵ م. ئی. دا، پێکەوە بۆ ئێرە دێن؟(*8)، ئایا ئەو بۆ "کریم" سەفەر ئەکا، یان نا؟ ئەگەر دەکرێ نەختێک لە بارەی بەسەرهاتی 'کلیتشفسکی'وە لە زانکۆدا بنووسە 9*. دەڵێن لە زانکۆ کۆڕێکی گفتوگۆی لە بارەی نووسینەکەیەوە بەڕێوە بردووە، دوای ئەوە وەک کتێبێک بڵاوی کردۆتەوە، من تا ئێستا بۆ جارێکیش ناونیشانی ئەو کتێبەم نەدیوە. زۆر سەرنجڕاکێش دەبێ، ئەگەر لە نزیکەوە ئاگام لەمانە بێت.
لەگەڵ ئاشنا تازەکاندا چۆنیت؟

ئۆلیانۆڤ ئیلیچەکەی خۆت.

من ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش نووسیبووم، لە هەوڵی بەدەسهێنانی بەرگی 3ی "سەرمایە"م. (ئەو ناسیارەی*10، کە مارک- یش11*دەیناسێ)، بەڵێنی دابوو پێم کە ئەم بەرگەم بۆ پەیدا کات. من تا ئێستا نازانم، ئایا ئەو ئەتوانێ ئەم بەڵێنە بگەیەنێتە سەر، یاخۆ نا؟ تکایە تۆ بە مارک ڕابگەیەنە، ئەو کەسە هەر لەسەر بەڵێنی خۆی ماوە، "یاخۆ" نا؟ ئەمەوێ ئەوە بزانن، بەدەسهێنانی ئەو کتێبە کارێکی هێند ئاسان نییە.
سڵاوم بگەیەنە بە هەموو لایەک لە ماڵەوە.
ئایە دایە تەندرووستی باشە؟ لە لایەن منەوە ماچی بکە!

* ئایە نامەکەی منی بەدەست گەیشت؟

من چاوەڕوانم نامەی ترم بۆ بنێری. بە ئانیوتە ڕابگەیەنە، من لای ئا. ئا. بووم، بەڵام بە داخەوە سوودی نەبوو. چونکە کەسێکی تر بەڵێنی پێ داوە، ئێستا ئەو چاوەڕوانی بەڵێنی ئەو کەسە دەکات، تا ئێستاش دیار نییە بەرەنجامی ئەم چاوەڕوانییە بە کوێ دەگات.

تێبینی: ئەم نامەیە لە سانکت پیتەربۆرگەوە ڕەوانە کراوە بۆ مۆسکۆ، بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە بڵاوکراوەی پرۆلیتاریایە ریڤالیوتسیا ژمارەی 11 لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لێنین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

# نامەی چوارەم

1894

بۆ، م. ئا. ئۆلیانۆڤە
(بۆ مانیاشە)

سەرەنجامەکەی ئەو وەختەم بەدەست هێنا، وڵامی نامەکەی 15ی مانگت دەمەوە. من ناتوانم لە بارەی خوێندن و (ناوەندییەوە) دان بە دید و بۆچوونی تۆدا بنێم.
یەکەم: دکتۆر گوتوویەتی: تۆ نابێت پێش سەری ساڵ بۆ خوێندن بڕۆی، بەڵام تۆ وا بیر دەکەیتەوە لە خوێندن، نابێت دوا بکەویت ... کەچی هەندێک نەک هەر هەفتەیەک، بەڵکوو بە مانگیش نەخۆش دەکەون و ناتوانن لەسەر خوێندنەکانیان ئامادە بن. ئەگەر بێت و تۆ تا بەهار دەس لە خوێندن هەڵگری، بڕوا ناکەم شتێک ڕوو بدات.
دووەم: تۆ نوسیووتە، یا هەر ناخوێنم، یا ئەگەر بخوێنم، ئەوە نامەوێ بە هیچ جۆر هەر وا لاوەکی بێت. بۆ من ئێستا ئەوە ڕۆشنە، تۆ دەتەوێت بە هەر شێوەیەک بووە، خوێندن تەواو بکەی! بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە خوێندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە هێندە زۆر بۆ خۆت بهێنیت. ئەمە کارێکی هێند ناشایستەیە، ئەگەر بێت و لە بار و دۆخی تایبەتیدا، لە تاقیکرنەوەکاندا «پلەی سێ» یا بە هۆی ناچارییەوە پلەی کەم بەدەست بهێنیت؟ لە کاتێکدا ئەگەر تۆ بتەوێ لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا پلەی باش بەدەست بهێنیت، هەر ئەتوانی خوێندنەکەت درێژە پێ بدەی، خۆ لەمە زیاتر شتێکی تر پێویست نییە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تۆ ئەرکەکانت بە جوانی ئامادە کردووە. تۆ ئەگەر بێت و بۆ ماوەیەکی کەم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەش دەست هەڵگری ... یەکەم: خۆ دەبێت ئەوە بزانی، ئەوانەی کە چاو بە تاقیکردنەوە و ئەرکەکانتدا دەگێڕن، کاری سەرەکیی ئەوان پێداچوونەوەی تاقیکردنەوەکانی قووتابخانە نییە ... دووەم: ئەو دەرسانەی کە تۆ نەت توانیوە ئامادەیان بکەی، نازانن کامەیە (لای ئێمە بەلای کەمەوە وابوو). باشە، ئێستا دەتەوێ لەم بارەیەوە بیر بکەیتەوە؟ بە بۆچوونی من، گرنگ ئەوەیە لەم بار و دۆخە تایبەتە، هەر چۆنێ بێ، بتوانی ئەمساڵ بەڕێ بکەی، ئەگەر هەتا بە شێوەیەکی "سەتحیش" بێت، ئەگەر وا نەبێ تا هاوین زۆر بە سەختی نەخۆش دەکەوی. ئەگەر ناتەوێ بە شێوەیەکی سەتحی بخوێنی، دەی باشتر وایە دەست هەڵبگرە لە خوێندن و بڕۆ بۆ دەرەوەی وڵات، لە هەمان کاتدا هەر وەختێک بتەوێ ئەتوانی خوێندن تەواو کەی. لە دەرەوەی وڵات دەتوانی زۆر بمێنیتەوە و چاوێک بە جیهانی دەوروبەردا بگێڕی، زۆر شتی باش و سەرنجڕاکێشیش فێر بیت. ئەمە زۆر باشترە لە فێربوونی مێژوو لە زاری ئیلۆڤایسکی، یا«کانتیسم» لە لایەن فیلاڕێتەوە(؟). ئایا ئێستا وەک پێویست ئەڕۆی بۆ پیاسەکردن؟ پێیدەچێت نەچیت! باشە ئەی بۆ خلیسکانێی سەر بەفر بۆ ناڕۆی؟ ڕەنگبێ دیسان بڵێی حەزم لە خلیسکانێ نییە. جێگای داخە، ئینسان ئەم هەموو بێ تواناییە لە خۆی نیشان بدات، ئینسان پێویستە کەمێک باوەڕی بە خۆی هەبێت.
ئەوەی لە پەیوەند بە 'زێلێگنۆڤ'ەوە نووسیوتە، لەگەڵتدا هاوباوەڕم. هەندێ شت لای ئەو ئیتر کۆن بووە. چ وتارێکی جێگای سەرنجی تۆیە؟ وتارە ئابورییەکانی، یا خۆ بابەتەکانی لە پەیوەند بە بار و دۆخی ڕووسیاوە، یا بابەتە فەلسەفی و مێژووییەکانی؟

ئۆلیانۆڤ ئیلیچەکەت

ئەم نامەیە لە 24ی دیسامبەری 1894 نووسراوە و لە سانکت پیتەربۆرگەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە، بۆ یەکەم جار لە بڵاوکراوەی پرۆلیتارسکایە ریڤالیوتسیا ژمارەی 11 لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

❊

# نامەی پێنجەم

1895

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤ
زالسبۆرگ 14(2) تا 10ی/ 1895

بەڵێنم پێت دابوو، کەمێک دەربارەی سەفەرەکەم بنووسم، بۆ ئەوەی لەسەر بەڵێنەکەی خۆم بمێنمەوە، لە هەڵوێستەیەکی دوو سەعاتە لە یەکێک لە شارۆچکەکانی نەمسا سوود وەرئەگرم «کە هێندە لە جێگای مەبەستەوە دوور نییە.*». ئەوە دوو ڕۆژە بە وڵاتی بێگانەدا بەڕێوەم و هەوڵ ئەدەم بە زمانی ئەوان قسە بکەم، بەڵام وەک پێی دەچێت، هێشتا زۆرم ماوە بتوانم بەم زمانە قسە بکەم. بە زەحمەت ئەڵمانی تێدەگەم، باشتر وایە بڵێم هەر تێناگەم، من پرسیارێک ئاراستەی شاگردی شەمەندەفەرەکە دەکەم و ئەو دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێ: من تێناگەم دەڵێی چی، دەنگت کەمێک هەڵبڕە! من بە دەنگێکی بەرز پرسیار ئەکەم و دووبارەی دەکەمەوە، ئەو وەڵام دەداتەوە، من بە هیچ شێوەیەک تێ نەگەیشتم ئەڵێی چی**، ئەوجا توورە دەبێت و دەڕوا و دوور دەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەم هەموو ناکامیشە، بێ ئومێد نابم، بە پەرۆشێکی زۆرەوە هەوڵ ئەدەم زمانی ئەڵمانی فێر بم.

سڵاوم بە هەموو لایەک بگەیەنە.
ئۆلیانۆڤ ئیلیچەکەت.
پێی دەچێت، نەتوانم هەر وا بە زوویی نامەتان بۆ بنووسم!

ئەم نامەیە لە سەرەتاوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە ژمارە 11ی ڕۆژنامەی پرۆلیتارسکایە ریڤالیوتسیا، لەسەر دەسنووسەکەی لینین چاپ و و بڵاو کراوەتەوە.

* نزیک بە 24 سەعاتێک/ دانەر
** من لە ئاسانترین وشە تێناگەم، تۆ زۆر سەیر و بەپەلە قسە دەکەی/ دانەر

❊

# نامەی شەشەم

20 (8) ئایاری 1895

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤە

ئەو نامەیەی لەوە پێش بۆتانم نووسیبوو، بەدەم ڕێوە و لەناو شەمەندەفەردا بوو. بەڵام ئێستا گەیشتوومەتە جێگای مەبەست. ڕاستییەکەی ئەمە بۆ ماوەیەکی زۆر نییە، دوایی دەبێت، دووبارە بکەومەوە ڕێ.
سروشتی ئێرە زۆر جوان و شکۆمەندە، ئەمە جێگای دڵخۆشییەکی زۆرە. دوای بەجێهێشتنی وێستگای ئەڵمانیا، وەک ئەوەی لە نامەکەی پێشوومدا بۆتانم نوسیبوو، یەکسەر شاخە سەرکەشەکانی ئەلپ بەدەرکەوتن، دوایی دەریاچەکان، ئەمانە بە شێوەیەک جوان و سەرنجڕاکێش بوون، کە بە هیچ جۆرێک نەمدەتوانی لەبەر پەنجەرەی ڤاگۆنەکە دوور کەومەوە.
ئەگەر من لای خۆمان ئاگاداری نرخ و چۆنیەتی ئەو پێداویستییانە دەبووم، کە بۆ ژیانی ڕۆژانەی دێهاتی ئێرە پێویستن، وای بۆدەچم ئینسان لێرە ئەیتوانی هەرزانتر ژیانی خۆی دابین بکات. بەم شێوەیە ئینسان ڕەنگە بیتوانیایە بە هاوینان، بەناو سروشتی جوان و سازگاری ئێرەدا بگەڕێ و گەشتوگوزار بکات. گەشتکردن لێرە هەرزانە و هێندەی تێناچێ. من لێرە سەردانی ئەو کورەی کە هەڵمگرتبووەوە (تبنی) و خێزانەکەییم کرد. ئێمە لێرە لەناو خۆماندا قسە و باسمان زۆر کرد. بەتایبەت دەربارەی نرخ کە مارک(١١) هێنابوویە گۆڕێ. ئەو وای بۆ دەچوو کە کارە خزمەتگوزارییەکان لێرە زۆر گران بن، مانگی 25 تا 35 فێرز، بە تەواوی پێداویستییەکانی ڕۆژانەوە، وەک دەڵێن لەگەڵ خواردنێکی زۆر باشیشدا.
ئایە خۆتان بۆ ئەم هاوینە گەرم و خۆشە ئامادە کردووە؟ ناونیشانەکەم ناوێ. لەوێ ئەتوانم بۆ مارک بنووسم، بەڵام من دەمویست ...**

..............................

*من ئێستاکە خۆم ... (درێژەی یاداشتەکە لە لاپەڕەی دوو هاتووە کە لەبەردەستدا نییە/ دانەر

** لێرە دەسنووسەکە کۆتایی پێ دێت/ دانەر

❊

# نامەی حەوتەم (بۆ دایکی/ وەرگێڕ)

1895

بۆ، م. ئا. ئۆلیانۆڤە
پاریس، 8ی یوونی 1895

نامەکەتم لە سەروبەندی چوونم بۆ پاریس بەدەست گەیشت. زۆر دڵتەنگ و خەمگین بووم، کە نەخۆشییەکەی ماتیە(*برای لێنین/ وەرگێڕ) ئەو بەرەنجامە ترسناکەی لێ کەوتەوە. من تێناگەم لەوەی، چۆن دەکرێ مرۆڤ تاقیکردنەوەی کەسێک دوا بخا، لە کاتێکدا ئەو کەسە بەڵگەنامە و ڕاپۆرتی پزیشکی پێ بێت. بۆچی لەم بارەیەوە هیچ هەوڵێک نادات؟ ئایە ئەو حەز دەکات، ساڵێک لە دەست بدات؟ لەوانەیە (مانیاشا**خوشکی لێنین/ و). ئێستا لە کۆتایی تاقیکردنەوەکانی بێت ... یان کۆتایی بە تاقیکردنەوەکانی هێنابێت. پێویستە لە پشووی هاویندا، بە تەواوەتی وچان بدات. ئێستا نیازمە کەمێک بەناو پاریسدا بگەڕێم و تەماشای شار بکەم. شارێکی تابڵێی گەورە و بەرفراوان، بە شێوەیەک ناتوانم ئەوە بخەملێنم، دووری ئەو گەڕەکەی کە لێی نیشتەجێم و دەکەوێتە قەراخی شارەوە، تا ناوەندی شار چەندێکە! ئەگەر کەسێک بیەوێ هەموو شار بگەڕێ، ئەوە بە لای کەمەوە

چەند هەفتەی پێویستە. شار بە چەندین بلوار و باخچەی گشتی و جێگای سەوزانی ڕازاوەتەوە، کە کاریگەرییەکی دڵنشینی بەسەر مرۆڤەوە هەیە. ڕەفتاری خەڵکەکەی سادە و ئاساییە، ئەمەش کەمێک سەیر دێتە پێشچاو، بە بەراورد لەگەڵ پیتەربۆرگدا، کە ئینسان هێندە خووی بە یاسا و نەریتەوە گرتووە.
لێرە کرێخانوو زۆر هەرزانە. بۆ نموونە، خانوویەکی سێ ژووری مانگی بە 30 تا 35 فرنکە، هەفتەی 6 تا 10 فرنک، بۆ خانوویەک بە تەواوی کەلووپەلی ناوماڵەوە، هیوادارم بتوانم بە پارەیەکی کەم، کرێخانووی ئەم مانگە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە.

سڵاوم هەیە بۆ هەموو لایەک لە ماڵەوە.
ئایە خانووە هاوینییەکەتان بە دڵ بوو؟

ڤلادیمیر ئیلیچەکەی خۆت

ئەم نامەیە لە سەرەتاوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە، لە ساڵی 1929 لە پرۆلیتارسکایە ڕیڤالیوتسیا ژمارە 11 لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

* نەمانتوانی لە نهێنی ئەم ڕستەیە تێبگەین/ دانەر.

❊

# نامەی هەشتەم

1895

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤە (بۆ دایکی/ وەرگێڕ)
1895/7/18-7/6

دوا نامەم ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، لە هەشتی مانگدا نوسیووە، لەو کاتەوە تا ئێستا گەشتێکی زۆرم بەملا و ئەولادا کردووە و بەڵام ئێستا ... «لە پشووگایەکی سویسری گیرساومەتەوە.» بڕیارم داوە لەو وەختەی کە بەدەسمەوەیە سوود وەرگرم و ئەم نەخۆشی گەدەیە، کە هێندە ئازارم ئەدات، بە تەواوی چارەسەر بکەم. دکتۆری پسپۆر کە لە هەمان کاتدا نەخۆشخانەکەش بەڕێوە دەبات، پێشوازییەکی گەرمی وەک پیشەگەر لێ کردم. ئەوە بۆ چەندین ڕۆژ دەچێت، لێرە نیشتەجێم و لەم ماوەیەدا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم. پشووگەیەکی تا بڵێی درەخشان. بەپێی پێشنیاری پشووگەکە بێت، وەک پێویست هەر چوار پێنج ڕۆژێکی تر لێرە دەمێنمەوە، پاشان دەبێت ئێرە جێبهێڵم. وەک پێیدەچێ مانەوەم لێرە زۆر گران لەسەر بکەوێ ... پشووگەکەش دەها گرانتر ... بەم پێیە خەرجییەک کە هەمە وا تەواو دەبێت. باوەڕیش ناکەم بەو نەختە پارەیەی کە لە بەردەستمدایە بتوانم دەربەرم. بۆیە ئەگەر دەتوانی نزیک بە 100 ڕۆبڵێکم بەم ناونیشانە بۆ بنێرە.
Suisse,Zürich,Parterre,Seilergraben37.Herrn Grünfest.(14)
ئیتر بۆ زانین و گەیشتنی بە دەستی من، پێویست ناکات هیچی تر بنووسن. هەر چۆنێک بێت، بەم ناونیشانەی کە نوسیوومە، من چاوەڕوانی نامەتم. من ناونیشانی خۆمتان پێ نادەم، لەبەر ئەوەی ئەمە بێ سوودە، چونکە پێش گەیشتنی نامەکەی ئێوە، دەبێت من ئێرە جێبهێڵم.

ئایا گەشتەکەتان بۆ ڤۆلگا خۆش بوو؟ دەنگوباسی تازەی ئەوێ چییە؟ ئایا تەندرووستیتان باشە؟ ڕەنگبێ ئێستا نامەیەک بۆ من بەڕێوە بێ ... (بەڵام لەبەر ئەوەی من بەملا و ئەولادا سەفەر دەکەم). ڕەنگبێ هۆی ئەوە بێت، ئەگەر تا ئێستا بەدەستم نەگەیشتبێ. بەڵام ئەگەر ئێوە نامەتان بە ناونیشانی پاریس ناردبێ، ئەوە هەر بە دەستم دەگات. ( دوا نامەم لە 'پارییس'ەوە لە لایەن "مارک"ەوە بە دەست گەیشت_ پۆست کارتێک)

.........

سڵاوم بگەیەنە بە هەموو لایەک لەماڵەوە.

ئێلیانۆڤ ئێلیچەکەی خۆت.

* باشتر وایە پارەکە بە پۆستی سفارشیدا بنێریت.

ئایا ئەم هاوینە لای ئێوە گەرم بوو؟ ئێرە زۆر گەرمە، بەڵام من لە جێگەیەکی زۆر جوان و دڵگیردا نیشتەجێم، دەوروبەر هەمووی سەوزانییە و لە نزیکیشەوە دەریاچەیەکی گەورەی لێیە.

---

تێبینی: ئەم نامەیلە سویسراوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە ژمارە 11ی بڵاوکراوەی پرۆلیتارسکایە ریڤالیوتسیا لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لێنین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

❊

# نامەی نۆیەم

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤە
بەرلین، 10 ئاوگووستی 1895

ئایە نامەکەی پێشووم، کە لێرەوە هەفتەیەک بەر لە ئێستا ناردبووم، بەدەستت گەیشت؟ بۆ دڵنیایی، جارێکی تر ناونیشانەکەم بۆت ئەنووسمەوە.

«11»12 Berlin-Moabit, Flensburger Straße
.(Bei Frau Kurreik,) Herrn W. Ulianoff

من لێرە بێ هیچ گیروگرفتێک و بە ئاسانی جێگەم دەسکەوت، جێگەکەم هەر چەند هەنگاوێک (لە باخچەی ئاژەڵان)ەوە دوورە. «گەورەترین و جوانترین باخچەی بەرلین» زۆر نزیکە لە وێستگای شەمەندەفەر و "مەلەوانگەیەکی گەرم". (ڕۆژانە لەوێ مەلە دەکەم). شایانی باسە لێرە شەمەندەفەر هەر پێنج دقیقە جارێک (بەسەر شەقامەکاندا) بۆ ناوشار هاتووچۆ دەکات. جێگەکەم، کە لەسەرەوە ناونیشانەکەم نووسیووە، دەکەوێتە دەرەوەی شار، بەڵام هاتووچۆ بۆ ناوەندی شار بە شەمەندەفەر زۆر خۆش و ئاسانە. تەنها ئەوە نەبێ، هێشتا لە قسەکردن زۆر لاوازم. زمانی عامییانەی خەڵکی بە بەراوورد لەگەڵ زمانی فەرەنسیدا زۆر خراپ تێدەگەم. ئەڵمانییەکان، ئیداکردن و بەیانکردنی وشەکانیان زۆر سەیرە، بە شێوەیەک من لەگفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەیان، تەنانەت تەنها وشەیەکیش تێناگەم. بە پێچەوانەوە، کاتێک لە فەرەنسا بووم، هەر یەکەم جار لە حاڵەتێکی وەک ئێستادا، نزیک بە تەواوی وشەکان تێگەیشتم. پێرێکە چووم بۆ شانۆ، بۆ تەماشای "کاپیتان"ی ڤێبەر**، ئەگەرچی پێش دەسپێکردنی شانۆکە، تەواوی دراماکەم خوێندبووەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەسپێکردن، بە

ئاسانی لەگەڵ ڕەوتی شانۆکە بچمە پێشەوە، کەچی هەر نەمتوانی لە تەواوی شانۆکە تێبگەم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەیل و ئارەزووم بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی لەدەستنادەم. " شتێک جێگای داخە'... ' بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی وەختێکی زۆر کەمم بەدەستەوەیە.
ئەگەر پارەت بۆم ناردووە، تکایە هەر ئێستا بۆم بنووسە و زوو ئاگادارم بکەوە، ئەگەر نەتناردووە، ئەوە بە ناونیشانی ئێرە بینێرە.

ماوەیەکی زۆرە نامەم بەدست نەگەیشتووە. ڕەنگە هۆی ئەوە بێ، کە ئێوە نامەکان هەر بۆ ناونیشانە کۆنەکەم بنێرن، بەم شێوەیە نامەکان لەو بەینەدا ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکرێ.

سڵاوم بۆ هەموو لایەک هەیە.

ڤلادیمیر ئۆلیانۆڤەکەی خۆت
......................

وشەکانی "باخچەی ئاژەڵان" لەدەستنووسەکەدا بە ئەڵمانی نووسراوە/ دانەر.
وشەی "ڤێبەر" لەدەسنووسەکەدا بە ئەڵمانی نووسراوە/ دانەر.

ئەم نامەیە لە سەرەتاوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە. لە ساڵی 1929 بۆ یەکەم جار لە ژمارە 11ی پرۆلیتارسکایە ریڤالیوتسیا، لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

❊

# نامەی دەیەم

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤە
1895/8/29

دایکی ئازیز و خۆشەویستم، هەر ئەمرۆ نامەکەی تۆم بەدەست گەیشت. لەگەڵ نامەکەی تۆدا، نامەیەکی ترم لە "مارک"ەوە بەدەست گەیشت، کە بۆ ئەویش لەگەڵ وڵامەکەی تۆدا چەند ڕستەیەک دەنووسم*. من هەر لە شوێنەکەی جاراندا ئەژیم، تا هەنووکە "بەرلین"م پێ شارێکی خۆشە و لێرە هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم. ژیانێکی بە بەرنامە، ڕۆژانە مەلەوانکردن ... هتد. هەروەها وا دەردەکەوێ ئامۆژگاری و تێبینییەکانی پزیشک کاریگەرییان لەسەر باری تەندرووستیم دانابێت، ئیتر بێزار بووم، لە جێگۆرکێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە نەبوونی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ نانخواردن. هەر وەک جاران، لە کتێبخانەی گشتی پاشایی کار دەکەم**. ئێوارانیش وەک هەمیشە ئارام، بەو دەوروبەرەدا پیاسە دەکەم. هەروەها سەرگەرمی فێربوونی زمانی ئەڵمانی و تێگەیشتن و ئاشنابوون بە دابونەریتی دانیشتوانی "بەرلین"م. لە فێربوونی زمانی ئەڵمانی کەمێک ڕاهاتووم و گەشەم کردووە، بەڵام تا ئێستاش زۆر خراپ قسەی پێدەکەم. زۆر بە کەمی سەردانی شوێنە مێژوویی و دیدەنییەکانی بەرلین دەکەم***. بە شێوەیەکی گشتی هەموویان بۆ من وەکوو یەک وان، جاروباریش بەرێکەوت ڕێم دەکەوێتە ئەو ناوە. ڕاستیەکەی پیاسەکردن و تەمەشای شادیی خەڵکەکە و جەژنە گشتییەکانیان، بۆ من جێگای سەرنجێکی زۆرترە ... وەک سەردانی مۆزەخانە، داڵان، شانۆکان ... هتد. بەنیاز نیم بۆ ماوەیەکی درێژ لێرە بمێنمەوە، مانەوەم هەر بۆ ماوەیەکی کورتە، میوانی خۆشە، بەڵام ماڵی خۆت لە

ماڵی خانەخوێ خۆشتر«16»**. مەترسی هەرە گەورەم ئەوەیە، کە جارێکی تر بکەومەوە بار و دۆخی "ناهەمواری"ی بێ پارەیی. مەیل و تامەزرۆیی کڕینی کتێب هێندە بەتینە، تەنها مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ، چۆن و بە چ شێوەیەک پارەم بەش دەکات، بۆیە بە ناچاری جارێکی تر ئەبێت، داوای یارمەتی لە ئێوە بکەم. ئەگەر ئەتوانی، تکایە 50 تا 100 ڕۆبڵێکم بۆ بنێرە. مارک بۆی نووسیووم، ئەو خانووەی تێیدان بۆ خۆی تراژیدیایەکە. باشە ناتوانن خانوویەکی تر پەیداکەن؟ وا دیارە لە مۆسکۆ خانووپەیداکردن گیروگرفتی زۆرترە تا پیتەربۆرگ، ئەم کێشە و تەنگووچەڵەمەیەی خانووپەیداکردنە زۆر ترسناک و ئازاردەرە، هیوادارم بە زوویی ئەم گیروگرفتە لەکۆڵ خۆتان بکەنەوە.

سڵاوم هەیە بۆ هەموو لایەک لە ماڵەوە.

ئۆلیانۆڤ ئەلیچەکت
......................

* نامەکەی مارک لەگەڵ ئەم نامەیەدا نەبوو/ دانەر.
** لێنین لە نامەکەیدا کتێبخانەی گشتی پاشایی بە ئەڵمانی نووسیوە/ دانەر.
*** لێنین، شوێنە دیدەنییەکانی شاری بە ئەڵمانی نووسیوە/ دانەر.

ئەم نامەیە، لە ساڵی 1929 لە 'بەرلین'ەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1929 لە ژمارە 11ی پرۆلیتارسکایا ڕیڤالیوتسیا لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لێنیندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە .

❊

# نامەی پانزەیەم

بۆ/ م. ئا. ئۆلیانۆڤە
26 ئاگووست، 7ی سێپتێمبەری 1895

دایکی ئازیز و خۆشەویستم، ئەمڕۆکە نامەکەت و پارەیەک کە بۆت ناردبووم، بەدەستم گەیشت. زۆر سوپاست دەکەم. من سەرم سووڕدەمێنێ لەو جیاوازییەی کە لە نێوان "ئاووهەوای" ئێرە و ئەوێ بەدی دەکرێ. تۆ نووسیوتە لای ئێوە زۆر ساردە، کەچی لێرە تەوای مانگی ئاوگووست بەو شێوەیە هێندە گەرم نەبوو. بەڵام ئێستا لە سێپتەمبەردا ئینسان خەریکە بەدەست گەرماوە دەسووتێ. بۆیە من وای بۆ دەچووم، ئێوە هەتا ئێستاش هەر لەدێهاتدا مابنەوە*. بار و دۆخی من وەک جاران خۆیەتی و هیچ شتێکی تازە ڕووی نەداوە. من بە جۆرێ خووم بە ئێرەوە گرتووە، وەک ئەوەیە لای خۆمان بم. ڕاستییەکەی حەزم دەکرد بۆ ماوەیەکی زۆرتر لێرە بمێنمەوە، بەڵام چی ئەکەی، وەختی ئەوە هاتووە خۆم بپێچمەوە و بکەومە ڕێ. لەبەر ئەمە خەریکم بیر لە کۆمەڵێک مەسەلەی عەمەلی دەکەمەوە، کە سەری منیان بە خۆیانەوە قاڵ کردووە. پێویستە هەندێک شتومەک بکڕم، لەوانە چەمەدانێک، سەرەڕای ئەمەش دەبێت خەریکی بەدەسهێنانی بلێت و هەندێ شتی تر بم. ئایە پێویستە شتێک لەگەڵ دەست خۆمدا بهێنمەوە؟ لێرە شتومەک لای خۆمان هەرزانترە، وا پێی دەچێت زۆر باشتریش بێت. من دەتوانم لە فرۆشگایەکی گەورە شتی جۆربەجۆر بکڕم. بەڵکوو ماتیا پێویستی بە هەندێک پەرتووک بێت ... ئەگەر پێویستی پێیەتی، با بۆمی بنووسێ .. (بۆ نموونە، ئەتڵەسێکی شیکاری "ئەناتۆمی"، یاخۆ شتێکی تر لەبارەی پزیشکیەوە). ئەی مانیاشا! بەڵکوو ئەویش پێویستی بە شتێک بێت، ئەگەر ئەوان

بۆخۆیان شتێکیان نایەتە بیر و نازانن داوای چی بکەن، ئەوە تۆ پێشنیارێک بکە، چی باشە لەگەڵ خۆمدا بهێنمەوە! پێم وایە، دەبێت هەندێک وردەواڵە بکڕم ...*
..................................................

* لێرە دەسنووسەکە دەبڕێت، لاپەڕەی دووەمی نامەکە بەدەست نەگەیشتووە/ دانەر.

ئەم نامەیە 'لە بەرلین'ەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە، لە ساڵی 1929 لە ژمارە 11ی پرۆلیتارسکایا ڕیڤالیوتسیا لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

❊

## نامەی دوانزەیەم

1895

م. ئا. ئۆلیانۆڤە
5/ 12 /1895

دایکی خۆشەویستم!

دوێنێکە نامەکەی ئانیوتام بەدەست گەیشت. ئەو پێی ڕاگەیاندووم، تۆ و ئارداشۆڤ (17) پێکەوە سەفەرێکتان بۆ "کازان" بەدەستەوەیە، بۆیە ئەبێت لە نووسینی ئەم نامەیە کەمێک پەلە کەم. ئارداشۆڤ بە نیازە ئەمڕۆ بکەوێتە ڕێ.
د. ئا. پێشنیاری بۆ کردووم، مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە میراتی خزمەکانییەوە هەیە، من لە ئەستۆی بگرم، بەڵام ئێمە لەم بارەیەوە هێشتا بە تەواوەتی ڕێنەکەوتووین. من هەر لە جێگەکەی جاران دەژیم، بەڵام ژوورەکەم هێندە بەدڵ نییە. یەکەم: لەبەر پرت و بۆڵەی خاوەن خانووەکە و دووەم: دیوارێک کە ژووری من و هاوسێکەمان لێک جیا دەکاتەوە، هێندە باریک و تەنکە، ئینسان دەتوانێ بە ئاسانی گوێی لە هەموو شتێک بێت، تەنانەت هەندێک جار دەبێت لە دەست مۆزیکاژەنینی هاوسێکەم بە (بەلالایکە".. *) ماڵ بەجێهێڵم. (ئەو وا دەزانێ من گوێی بۆ دەگرم، بەم شێوەیە دەیەوێت وەخت بەسەر ببات).
خۆشحاڵانە، ئەمە تا ئێستە زۆر ڕووی نەداوە، زۆربەی کاتەکان کە ئەو لەماڵ نییە، ماڵ بە تەواوی هێدی و ئارامە. من نازانم تا مانگێکی تر لێرە دەمێنمەوە یاخۆ نا، «18» ئەمە دوای بەسەرچوونی گرێبەستی کرێنشینییەکەم کە نزیک بەسەری ساڵ کۆتایی پێدێت، دەتوانم بیرێکی لێ بکەمەوە. بە هەر حاڵ، باوەڕ ناکەم دۆزینەوەی خانوویەکی تر لە پیتەربۆرگ هێندە گران بێت. ئاووهەوای ئێرە ئێستە زۆر خۆشە، چاکەتە تازەکەم هەر دەڵێی بۆ ئاووهەوای وەختێکی وا درووست کراوە**.

* "بەلالایکە" ئامێرێکی مۆسیقییە/ وەرگێڕ.
** لاپەڕەی دووەمی نامەکە بەدەست نەگەیشتووە/ دانەر.

ئەم نامەیە لە پیتەربۆرگەوە بۆ مۆسکۆ ڕەوانە کراوە. لە ساڵی 1929 لە ژمارە 11ی پرۆلیتارسکایە ڕیڤالیاتسیا، لەژێر دەقی دەسنووسەکەی لینین چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

*

## فەهرەستی ناوەکان:

1) ئێلیانۆڤە ماریا ئێلیکساندرۆڤە 1835-1916، دایکی لێنین و کچی پزیشکێک بە ناوی ئا. د. بلانک، کە بۆ ئەو وەختە وەک کەسێکی پێشکەوتوو چاوی لێ دەکرا. دایکی لێنین کەسێکی رۆشنبیر بوو، لە بەهرەیەکی گەورە لە کارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهرەمەند بوو. ئەو بەو پەڕی دڵنەوایی و جیدییەوە منداڵەکانی پەروەردە و بار دەهێنا. ئێلیانۆڤە بیروبۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ منالەکانی دەخستە میانەوە. لە کارە شۆڕشگێڕییەکاندا یارمەتیدەریان بوو. لە دوورخراوەییدا لەگەڵیان و لە زیندانیشدا هاوپشتییانی دەکرد. ئەو خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایین بوو. کرۆپسکایە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: لێنین دایکی زۆر خۆش دەویست و ئیرادەی بەهێزی لە ئەوەوە بە میرات وەرگرتبوو. میهرەبانی و هەست و تێگەیشتن بۆ خەڵکانی تر لێنین لە دایکییەوە فێر ببوو.

2) تیلۆ کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگای ئاسن و کەسێکی سۆسیال دیموکرات لە ساڵەکانی هەشتادا.

3) لە گۆڕستانی ڤۆلگۆڤا خوشکی لێنین، ئۆلگا ئیلینیتشنا بە خاک سپێردراوە، کە( لە سانکت پیتەرسبۆرگ، لێنینگراد) بەهۆی تیفوسەوە گیانی لەدەست دا.

4) میمکی لێنین ل. ئا. پانۆماریۆڤە، خوشکی دایکی لێنین، سەرپەرشتیی میراتی ماریا ئەلیکساندرۆڤنەی لە کوکشکینۆدا دەکرد. لە جێکایەک کە باپیرەی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین ئەلیکساندەر دیمیتریڤیش بلانک بەخاک سپێرابوو.

لێرە لێنین لە ساڵەکانی 1887- تا 1888 یەکەم ساڵەکانی دوورخراوەیی خۆی بردەسەر.

5) ئۆلیانۆڤە ماریا ئیلیچینا 1878-1937، هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆڤێت، خوشکی لێنین، هێشتا هەر قوتابی بوو، هاتە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەوە. لە ساڵی 1898 بوو بە شۆڕشگێڕی پیشەیی. بۆ چەندین جار دەسگیر کرا و دوور خرایەوە. ئەو هەواڵ و راپۆرتی بۆ ئیسکرا دەنارد و لە ساڵی 1900 چالاکانە بۆ ئیسکرا کاری دەکرد. لە مارسی 1901 بەهۆی هەڵسووڕانی لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی سۆسیال دیموکرات لە مۆسکۆ دەسگیر کرا و تا مانگێک لە سامارا لەژێر چاودێری پۆلیس بوو، لە جێگایەک کە ئەو تێیدا لە بیرۆی ڕێکخراوی ئیسکرادا کاری دەکرد. لە پاییزی 1903 لە سکرتارییەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا سەرگەرمی هەڵسووران بوو. لە ساڵی 1904 لە ڕێکخراوی بۆلشەڤیکەکان لە پیتەربۆرگ چالاکی دەکرد، دوایی چووە دەرەوەی وڵات و لە ژنێڤ نیشتەجێ بوو. لە هەمان کاتدا لێنین_یش لەوێ دەژیا. لە ساڵی 1908 تا 1909 ژیانی لە دەرەوە بەسەر دەبرد. ئەو لە دەرەوەی وڵات بۆ بۆلشەڤیکەکان کاری دەکرد و لەو سەردەمانەدا نامەی مارکسی بۆ گۆگلمانی وەرگێڕایە سەر زمانی ڕووسی. لە ساڵی 1910 لە مۆسکۆ و دوایش لە ساراتۆڤ لە ڕیزەکانی حیزبدا چالاک بوو. لە ساڵی 1912دا دەسگیر کرا و سێ ساڵ بۆ ڤۆلگۆڤە دوورخرایەوە. دوای گەڕانەوەی لە دوورخراوەیی، جارێکی دی لە مۆسکۆ لە ڕیزەکانی حیزب دەستی بە هەڵسووڕان کردەوە. لە ساڵی 1917 تاکوو ساڵی 1929 ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی سکرتارییەتی بڵاوکراوەی پراڤدا بوو. ئەو ڕێکخەری بزووتنەوە کرێکارییەکان و هەواڵنێریان بوو. لە پانزەهەمین کۆنگرەی حیزب، بوو بە ئەندامی ناوەندیی کۆمیسیۆنی کۆنترۆڵەکان و دوای ئەوە بوو بە بەڕێوەبەری مەکتەبی شکایەتکارییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە. لە هەژدەهەمین کۆنگرەی حیزبدا، بوو بە ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆنترۆڵەکانی یەکێتیی سۆڤێت و لەوێش بوو بە بەڕێوەبەری دەفتەری شکایەتکارییەکان. بۆ ڕێزگرتن لە کارە بەرجەستەکانی وەک پەروەردە و فێرکەری کۆمۆنیزم لەناو کرێکاران و جووتیاراندا، لە ساڵی 1933 خەڵاتی لێنینی پێ بەخشرا. ئۆلیانۆڤە ماریا ئیلیچینا، نووسەری بیرەوەرییەکانی لێنین و چەندین وتارە دەربارەی لێنین.

6) ماتیا ئۆلیانۆڤ دیمیتری ئیلیچ (1874- 1943)، شۆڕشگێڕی پیشەیی بۆلشەڤیکەکان و برای لێنین. کاری خۆی وەک پیشە دکتۆر بوو. چالاکیی شۆڕشگێڕانەی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1894 لە یەکێک لە شانە

مارکسیستییەکانی قوتابیان. لە ساڵی 1897 لە مۆسکۆ سەرگەرمی کاری شۆڕشگێڕانە بوو لەناو کرێکاران. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1897 بە تۆمەتی چالاکی لە ڕیزی (یەکێتیی کرێکاران) لە مۆسکۆ دەسگیر کرا. لە ساڵی1900 پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ئیسکراوە و وەک نوێنەری ئیسکرا کاری دەکرد. لە کۆنگرەی 11ی حیزبدا نوێنەری س. د. ئا. پ. ر. لە دوای کۆنگرەی حیزب، بوو بە نوێنەری ناوەندیی بۆلشەڤیکەکان لە کۆمیتەی ناوەندی لە کیڤ. لە ساڵی 1904 دەسگیر کرا و نزیک بە ساڵێک زیندانی بوو. لە ساڵێ 1905 تاکوو 1907 بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بۆلشەڤیکەکان لە سیمبرسک. هەر لەو ساڵانەدا لەوێ وەکوو دکتۆری وەختی لە زیمبیرسک ژیانی بەسەر دەبرد. دوایی لە ناوچەکانی سەر بە مۆسکۆ و سێرپوخۆڤ. لە ساڵی 1911 لە ڤۆدۆژیا لەگەڵ ڕێکخراوی بۆلشەڤیکەکاندا لە پەیوەندیدا بوو. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا وەکوو دکتۆر لە ڕیزی سوپادا لەناو سەربازەکاندا خەریکی کاری شۆڕشگێڕانە بوو. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چالاکانە لە پێناوی دەسەڵاتی سۆڤێتەکاندا لە کریم بەشداری کرد. لە ساڵی 1919 ئەندامی کۆمیتەی بۆلشەڤیکەکان و کۆمیتەی شۆڕش لە ئێوپاترۆیە. لە ساڵی 1920 تا 1921 ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی ک. پ ر.(ب) و نوێنەر و لێپرسراوی شوورای کۆمیساری گەلانی کریم بوو. لە ساڵی 1921 تا 1925 بەڕێوبەری بەشی تەندرووستی بوو لە کۆمیساری شووراکاندا. لە ساڵی 1925 بەدواوە، بە زانستی پزیشکییەوە خەریک بوو، وە لەو میانەدا کاری زۆری لە زانکۆی کۆمۆنیستی سڤێردلۆڤ بە ئەنجام گەیاند. لە ساڵی 1933 بەڕێوبەری بەشی تەندرووستی کرێمل بوو، ئەو لە پێکهێنانی مۆزەخانەی لێنیندا ڕۆڵێکی بەرجەستە و بەرچاوی گێڕا.

7) ڕۆشنە کە مەبەستی لە خوێندنەوەی چاپی لەسەر بەرد نووسراوی مێژووی رووسیایە، لە لایەن ڤ. ۆ. کلیتۆژفسکیەوە کە لە ساڵەکانی 1881/1880ی سەردەمی خوێندندا کەوتە بازاڕەوە.

8) م. ئا. لێبێدۆڤە، ماریا ئێڤانۆڤە، ڤلادیمیر ئیلیچ ئەوی لە سامارا دەناسی. ئەو لە ساڵی 1894 لە کریم بە هۆی تێبەرکۆلۆسەوە گیانی لەدەست دا.

9) وتاری، ڤ. ۆ. کلیتشێڤسکی، یادگارییەکانی خۆشەویستی خوا تزار ئەلێکساندەری سێیەم، وەک وتار لە زانکۆ بڵاو دەکرایەوە. خوێندکارانی زانکۆی مۆسکۆ سەدان دانەیان لەم ئێکسم پلارە کڕی و لە ڕووی ئەنقەستەوە ناونیشانەکەیان گۆڕی و ناوێکی تریان لە جێگای دانا ... «ئەفسانەی ڕێوییەک کە فاتیحەی مردوویەک دەخوێنێتەوە.» لە لایەن د. ئی."ڤۆنفیسین"ەوە. بەم شێوەیە سەدان دانەیان وەک چاپێکی باشتر و ڕێکتر لە زانکۆدا لێی بڵاو کردەوە. تەنانەت ئەم چاپە لە کاتی محازەرەیەک گەیشتە بەرچاوی کلیتشیفسکی و تا ئەو جێگایەی کە فیکەلێدان و جرتلێدان بەرزبووەوە. لە میانی ئەم ڕووداوەدا نزیک بە پەنجا خوێندکار دەسگیر کران و هێندێکی تریش لە مۆسکۆ دوور خرانەوە.

10) لێرە نەزانراوە کە مەبەستی لێنین لە کێیە. ڕەنگبێ ئەمە مەبەست لە نەجارێک بێت بە ناوی (گڤۆزدێڤ)کە م. ت. یێلیسارۆڤ لە سامارا ناسیویەتی، یاخۆ ڕەنگە مەبەست لە ڤ. ئا. یانۆڤ بێت.

گڤۆزدۆڤ، ر. یاخۆ (نەجار ر.ئێ) نەجارو، هاوکاری ڕۆژنامەی (ناچاڵە)( بە کوردی یانی "سەرەتا"/ وەرگێڕ) یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی (پەیکی سامارا) نووسەری کتێبی کاریگەری و ڕۆڵی ڕەشوەخواری زەویدارە گەورەکان بەسەر ئابووریی نەتەوەییدا. کە لێنین ڕەخنەیەکی لە بارەیەوە نووسی، بڕوانە بەرهەمەکانی لێنین، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی 57 و 59.

یانۆڤ، ڤ. ئا. شتاستیک، ئامارگەر، کە لەگەڵ م. ت. یێلیسارۆڤ و لێنیندا لە سامارا ئاشنایەتییان هەبوو. لە ساڵەکانی هەشتادا نارۆدنیکەکان و دوایش بوو بە سۆسیال دیموکرات. لە (پەیکی ساماراو) ڕۆژنامەکانی تری ئەو وەختەدا کاری دەکرد. ئەو لە کاتی بڵاوکردنەوەی نووسراوەیەکی لێنین بە ناونیشانی، گەشەی سەرمایەداری لە ڕووسیەدا، لە خشتەبەندیی ڕاستکردنەوەی ئامارەکاندا یارمەتی لێنینی ئەدا. ئەو گەشتێکی بۆ ئەمەریکا و شیکاگۆ کرد، هەر بۆیە لەوە بەدواوە بە شیکاگۆیر دەناسرا.

11) مارک_ مارک تیمۆڤیچ ئیلیسارۆڤ. 1863- 1919شۆڕشگێڕی پیشەیی و بۆلشەڤیک و هاوسەری ئۆلیانۆڤە یێلیسارۆڤنەی خوشکی لێنین. ئەو لە ساڵەکانی نەوەتدا، دەستی دایە کاری شۆڕشگێڕانە. لە ساڵی 1901 بەهۆی پەیوەندی بە ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتەکانی مۆسکۆوە، بۆ ماوەی هەشت مانگ دەسگیر کرا

و دوایش لە مۆسکۆ دوور خرایەوە. لە ساڵی 1905 کارە شۆرشگێرەکانی خۆی لە رێگای ئاسنی سانکت پیتەربۆرگدا دەستی پێ کردوو وەک یەکێک لە رابەرانی بەرجەستەی خۆپیشاندانی سەراسەریی کرێکارانی رێگای ئاسن دەناسرا. ئەو بە شێوەیەکی چالاک لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم و دووەمی 17ی دۆما بەشداری کرد. ئەو یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوچەی سامارا و بۆ چەندین جار دەسگیر کرا و دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر ئەو یەکەم کۆمیساری میللیی رێگاوبان بوو.

12) ئانیوتە_ ئۆلیانۆڤ_ یێلیسارۆڤ، ئانە ئیلژینیتشنە 1864-1935، شۆرشگێری پیشەیی، هەڵسووراوی پارتی کۆمۆنیست و خوشکی لینین. هەڵسوورانی شۆرشگێرانەی ئەو دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی 1886. لە ساڵی1887 بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر تزاری رووسیا و هەوڵی کوشتنی ئەلێکساندەری سێیەم، دەسگیر کرا و لە پێتەربۆرگدا خرایە ژێر چاودێری پۆلیسەوە. لە 1898 بوو بە ئەندامی کۆمیتەی س. د. ئا. پ. ر. ر. کاتێک لینین لە دوورخراوەییدا لە سیبیریا ژیانی بەسەر دەبرد، لە لایەن لێنینەوە، نووسراوەی لینین، بە ناونیشانی، "گەشەی سەرمایەداری لە رووسیا"ی بەچاپ گەیاند. لە ساڵی 1900 رووی کردە دەرەوەی وڵات و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەرەوەی وڵات مایەوە. لە ئیسکرای سەر بە لینین هەڵسووراو بوو. دوواییش لە رۆژنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی سەر بە بۆڵشەڤیکەکان وەکوو (* ڤپرۆید و پرۆلیتاریا) چالاکی دەنواند. لە 1904تاکوو 1906 لە رێکخراوی بۆڵشەڤیکەکان لە پیتەربۆرگ هەڵسوورانی خۆی دەبردە پێشەوە. لە 1908 تا 1909 سەرگەرمی رێکخستن و بەچاپگەیاندنی نووسراوەکەی لینین، بە ناونیشانی "ماتەریالیزموس و ئیمپریۆکریتیسموس"، (ماتەریالیزم و ئەزموونگەرایی) بوو. لە ساڵی 1909 تا 1910 زۆر کاری شۆرشگێرانەی لە"ساراتۆڤ" بە ئەنجام گەیاند. لە ساڵی 1914 لە ئۆرگانی بۆڵشەڤیکەکاندا (پراڤدا، سیڤشیتشینیە، رابۆتنیتسە)، چالاکی خۆی دەبردە پێشەوە. هەر لەم پەیوەندەشدا بۆ چەندین جار دەسگیر کرا و خرایە زیندانەوە. لەدوای شۆرشی فۆریەوە لە دەستەی نووسەرانی پراڤدا کاری دەکرد و سەرنووسەری هەفتەنامەی تاکتش بوو. لە ساڵی 1918- 1921 سەرەتا سەرپەرشتی بەشی پارێزگاری منداڵان لە ئەنجومەنی کۆمیساری میللی بۆ چاودێری و لە دواییشدا لە ئەنجوومەنی کۆمیسارەکانی فێرکردن و بارهێناندا چالاکانە کاری زۆری بە ئەنجام گەیاند. وەک زانا و کارگێر لە رێکخستنی کۆمیسیۆنێک بۆ نووسینەوەی مێژووچەی حیزب و هەروەها لە پێکهێنانی ئینستیتوتی لینین دەستێکی باڵای هەبوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی پرۆلیتارسکایە رێڤالیوتسیە و بەرهەمێکی زۆری دەربارەی لێنین و بوارەکانی تر بەچاپ گەیاند.

لەم پەیوەندەدا وەبیرهێناوەی ناوی ئال ئەندریڤیچ، مەبەست لە ئا. ئا. زالیشکییە کە لە دایکەوە دەکاتە باپیرەی لینین.

13) لە 25 ئەپریلی 1895 لێنین گەشتێکی بۆ دەرەوەی وڵات کرد، بۆئەوەی پەیوەندی بە رێکخراوی (ئازادیی کار)ەوە بکا و لە نزیکەوە بە بزووتنەوەی کرێکاریی ئەورووپای رۆژئاوا ئاشنا بێت.

14) مەبەست لە کچەکەی ئا. ئا. شوخت_ە. (شوخت. ئا. ئا (1860_ 1993) لە زاخان لە بەشی سەربازانی شۆرشگێردا بوو 1884_ 1887، لە پیتەربۆرگەوە بۆ سیبیریا دوورخرایەوە. لە گەرانەوەیدا بۆ ماوەیەک لە "سامارا" ژیا و لەوێ لەگەڵ ڤلادیمیر ئیلیچ ئاشنایەتی پەیدا کردوو دوای ئەوە لە پیتەربۆرگ جارێکی تر بەیەک گەیشتنەوە. دوای ماوەیەک، شوخت رووی کردە سویسرا و لە ژنێڤ نیشتەجێ بوو. لەو شوێنەی کە لێنین لە نامەکەیدا ئاماژەی پێ دەکا. لێنین لەوێ جارێکی تر بە شوخت و خێزانەکەی گەیشتەوە. شوخت لەساڵی 1917 بوو بە ئەندامی پارتی بۆڵشەڤیک.

15) ئاشکرایە لێرە مەبەست لە ناونیشانی "زاول گروون فێست"ە، کە سەر بە رێکخەرانی چاپخانەی "مینسک"(تشۆرنی پرێدل) بوو. لە دوای کۆچکردنی بۆ سویسرا، "گروون فێست" پەیوەندی بە رێکخراوی "ئازادیی کار"ەوە کرد، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کارە تەکنیکییەکانی لە ئەستۆ بوو. لە دواییدا باری کرد بۆ "زووریخ" و لەوێ پەیوەست بوو بە بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی سویسراوە.

15) وەک دیارە، م. ئا. ئۆلیانۆڤ، ترسی ئەوەی هەبوو، ئەگەر لینین بگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا، دوور نییە جارێکی تر لە لایەن پۆلیسەوە دەسگیر نەکرێ و نەخرێتەوە زیندان، بۆیە ئەو، ئامۆژگاری لینین دەکا کە جارێک لە دەرەوەی وڵات بمێنێتەوە.

17) د. ئا. ئارداشۆڤ_ ژ. ن. ئارداشۆڤ، لە دایکەوە بە خزمایەتی دەگەنەوە لینین.

18) لە شەوی 9ی دیسێمبەری 1895 لینین و ئەندامانی تری "کۆمیتەی خەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکار" دەسگیر کران. لینین هەر دوای دەسگیرکردنی، بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی زیندان کرا، کە تا 14ی فێبریوەری 1897 لەو زیندانەدا مایەوە. لە 29 یانووەری 1897 بەپێی بڕیاری ڕژێمی تزاری، بەدوورخراوەیی بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕەوانەی ناوەندی سێبیریا کرا و لەوێ خرایە ژێر چاودێری پۆلیسەوە.

❊

**زۆر سوپاسی هاوڕێ "سالار ڕەشید" ئەکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوە و چاککردنی هەڵە و کەموکووڕییەکانی ئەم نامانەی لە ئەستۆ گرت.**